Article

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
2 (3), pp. 196 – 208
http://www.ijoks.com

# The impact of the power struggle in the Renaissance delayed national thought in South Kurdistan 1800-1850

***Mohammed Ahmed Ibrahim Galalaye***[1]

**Received**: April 17, 2016 **Reviewed**: May 13, 2016 **Accepted**: May 22, 2016

## Abstract

The national thought of Kurdish renaissance has been delayed due to long term conflicts among Kurdish Emirates, in particular in the first half of the 19th century. Along with other nations under Ottoman Empire and its renaissancebeginning in 1839 and later years by Sultan Abdul-Majeed while Kurdish society was encountering backwardness, subordinate in policy, economy and education aspects. Consisting first half of the 19th century, three quarters of this half includes quarrels and fighting for power between brothers, uncle and cousin, between cousins within the same family orbetween two different Emirates attempting to continue their dictatorship in Southern Kurdistan. Ottoman Empire was waiting their destruction on the borders when they were awaken, it happened exactly after 1835 when Ottoman commander Rasheed Pasha attacked Botan, Soran and Badinan Emirates in 1836. Ottoman Empire could dissolve and end the power of both Emirates of Soran and Badinan in six years. Ottoman power returning to the central lands of northern Kurdistan andinterests of countries such Britain, France, Russia and Germany played an important role in ending Kurdish Emirates in Southern Kurdistan. Thus, continual agreements between Ottoman and Qajaryempires especially the last one which was Erzurum Agreement in 1847 resulted into the process of Renaissance delayed national thought in South Kurdistan in the first half of the 19th century.

**Keywords:** national thought, Kurd, Emirates, Mir, Southern of Kurdistan

**Recommended citation:**
Galalaye, M. A. I. (2016). The impact of the power struggle in the Renaissance delayed national thought in South Kurdistan 1800-1850. *International Journal of Kurdish Studies* 2 (3), 196 – 208.

---

[1]. Assistant Lecture, History Department, Faculty of Arts, Soran University, Iraq Kurdistan Rgion, Erbil-Soran, for further information contact, mohammed.ibrahim@soran.edu.iq

## کاریگەری ململانێی فەرمانڕەوایی لە درەنگکەوتنی ڕێنیسانسی بیری نەتەوەیی لە باشووری کوردستان ١٨٠٠- ١٨٥٠

محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم گەلاڵی

**پوختە:**

بیری نەتەوەیی کورد لە ئەنجامی ململانییەکی درێژخایەنی نێوان دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی کورد، درەنگکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، هاوشان لەگەڵ گەلانی تری نێو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و چاکسازییەکانی دوای ساڵانی ١٨٣٩، کە لەلایەن سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم(1839-1861) دەستپێکرد بوو، بەڵام بارودۆخی کوردستان گیرۆدەی پاشکەوتوویی سیاسی, ئابووری, کۆمەڵایەتی و خوێندەواری ببوو، ئەگەر نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بیکەین بە دوو بەش، ئەوا دوو لەسەر سێی زیاتر شەڕی ململانێی فەرمانڕەوایی نێوان میرەکانی باشووری کوردستان بووە، لەسەر نۆبەتی دەسەڵات وەرگرتن و درێژەدان بە تاکڕەوی دەسەڵات و سەرەڕای ململانێی نێوان برا و برا، مام و برازاکان یان ئامۆزاکانی یەک بنەماڵەی فەرمانڕەوا بەردەوامی هەبوو، بەڵام کاتێک بەخۆیان هاتنەوە ئۆردوی عوسمانی لەسەر سنووری میرنشینەکانی باشووری کوردستان چاوەڕوانی گەیشتنی بڕیاری رووخاندنی دەکردن، ئەمە رێک لە دوای ساڵی ١٨٣٥ بوو، کاتێک هێرشی فەرماندەی ئۆردوی عوسمانی رەشید پاشا لە (1836-1842) بۆ سەر میرنشینی بۆتان و سۆران و بادینان دەستپێکرد، دەوڵەتی عوسمانی لەماوەی شەش ساڵ توانی هەردوو میرنشینی سۆران و بادینان هەڵبوەشێنێتەوە. لە فەرمانڕەواییکردنی ناوچەکانیان دووربخاتەوە، ئەمە سەرباری گەرانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانییەکان بۆ قوڵایی باشووری کوردستان، لەهەمان سەردەمدا هاتنە ناوەوەی بەرژەوەندی دەوڵەتانی وەک: بەریتانیا و فەرەنسا و روسیا و ئەڵمانیا، کاریگەری بەهێزی دروستکرد لە ڕامالینی فەرمانڕەوایی میرنشینەکانی باشووری کوردستان، ئەمە سەرەڕای مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی بەردەوام لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری, کە دواتربنیان رێکەوتننامەی ئەرزەرۆم لە ١٨٤٧ بوو، لە ئەنجامدا ئەم هۆکارانە بوونە وێنەیەکی گشتی لە پرۆسەی درەنگکەوتنی ڕێنیسانسی بیری نەتەوەیی لە باشووری کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دا.

**کلیلە وشەکان**: بیری نەتەوەیی، کورد، میرنشینەکان، میر، باشووری کوردستان.

**پێشەکی:**

شەڕی فەرمانڕەوایی نێوان دەسەڵاتداران (میران)ی کورد لە کوردستانی عوسمانی، بەتایبەتی لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بەردەوامی هەبوو تا کۆتایهاتنی دەسەڵاتی تاکڕەوییان لە باشووری کوردستان، ئەم ململانێیە زیانێکی گەورەی لە کۆمەڵی کوردەواری و لەیەکترازاندنی فەرهەنگی و کولتووری کورد دا، سەرەڕای دروستبوونی کولتووری-سیاسی ناوچەگەریی، لە جیاتی پرۆژەی نەتەوەیی و زمانی نەتەوەیی کورد، زمانی-دیالێکتی ناوچەیی هاتنە ئاراوە کە تا ئەمرۆ کاریگەری بەسەر کولتووری سیاسی باشووری کوردستان بەجێهێشتووە، ئەم ململانێیی فەرمانڕەواییە بنەماکانی بیرکردنەوەی نەتەوەیی لە ئاستی باڵای جوگرافیای نیشتیمانی کوردستاندا لەناوبرد، بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم, هیچ پرۆژەییەکی نەتەوەیی کە خاوەن بیرۆکەی هەڵساندنەوەی نەتەوەی کورد لە ژێر ستەمکاری عوسمانی و قاجاری بێت، ئامادەیی نەبوو. بەڵام میر لە دوای میر هانایان بۆ پایتەختەکانی وەك: ئیستانبوڵ و تاران دەبرد بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی کورسی فەرمانڕەواییان و پەلکێشکردنی سوپای هەردوو دەوڵەت بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان، ئەم کولتوورە سیاسییە بۆتە میراتێک بۆ فەرمانڕەواییانی کورد کە لە دوای میرنشینەکان هاتنە سەر تەختی دەسەڵاتدارییەتی، ئەم سەرکێشیە لەسەر دەسەڵات بەرپاکراوە، بە دیوی دووەمدا پشت کردنبووە لە پرۆژەی دروستکردنی نەتەوە، کە یەکەمین کاری میرنشینەکان ئەبوایە زمانی کوردی بە هەر دیالێکتک بێت، بیێتە زمانی نووسین و خوێندن، لە چوارچێوەی هەموو میرنشینەکاندا یەک دیالێکتی زمانی کوردی بۆ پەیڤین و نووسین ئامادەیی هەبووایە، بەڵام هەمووئەمانە خرانە لایەکی تر، تەنها کورسی دەسەڵات کرایە ئامانجی یەکەم و کۆتایی هەموو میرەکانی کورد، لەبەر کورسی دەسەڵات پشتییان لە پرۆژەی دروستکردنی نەتەوەییەکی سەربەخۆ یان رزگاکردنی نەتەوەیی کرد، ئەوەی لە زۆر نووسین باسی گەلێک میر دەکرێت، لەبەر وەرنەگرتنی پۆستێک لە بەغداد ئەوا بە چەکەرەکردنی بیری نەتەوەیی دادەنێن، بەڵام دواتر ئەم میرە لەسەر دەسەڵات چ کارەساتێك دەقەومێنێت، بەڵکو ململانێی فەرمانڕەوایی و تاکڕەوییان لە دەسەڵات بەڵای سەری خۆشیانبووە، بەشێکی زۆرییان تییا چوون، وەک میر محەممەد پاشای ڕواندز, لەبەر تاکڕەوییەکەی نەیتوانی بگەڕێیتەوە سەر کورسی دەسەڵاتەکەی لە ڕواندز. هەرچەندە دەوڵەتی عوسمانی پلەی فەریقی پێبەخشیبوو. ئەگەر کورسی فەرمانڕەوایی کێشەی بنەڕەتی نەبووایە، ئەوا خەملێینی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری بهاتبووایە بەرهەم، ئەوا کۆمەڵی کوردەواری وەک یۆنانییەکان شۆرشی سەربەخۆییان یان رزگاری نەتەوەیی لە دژی عوسمانییەکان بەرپا دەکرد و رێنیسانسی بیری نەتەوەیی زووتر دەردەکەوت، پێشکەوتنی هەمە چەشن ڕووی لە باشووری کوردستان دەکرد. بەڵام میرە کوردەکان لە باشووری کوردستان لە سەروبەندی شەڕی سەربەخۆیی یۆنانییەکان, خەریکی لەناوبردنی یەکتری بوون. هەر چەندە یۆنان نزیکەی چل رۆژە رێ لە کوردستان دووربووە. ئەوان بەهەمانشێوەی کورد خاوەنی میرنشین بوون، بەڵام کاتێك عوسمانییەکان لە ناوچەی باڵکان دەستییان بە رووخاندنی میرنشینەکان کرد، لە وەڵامدا بەرپاکردنی شۆرشی سەربەخۆیی نەتەوەیی لە ناوچەی باڵکان و یۆنان لە دژی دەسەڵاتی عوسمانی بەرپا بوو.

**گرینگی توێژینەوە**, تیشک خستنەسەر مێژووی ململانێیی فەرمانڕەوایی لەنێوان میرانی کورد، ئەگەر لە چوارچێوەی یەک خێزانی بنەماڵەی میری فەرمانڕەوا یان دەوروبەرەکەییدا بێت، گێرانەوەی مێژوویی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەرهەمهێنانی بیرۆکەی دەرنگکەوتنی بووژانەوەی بیری نەتەوەییە لە باشووری کوردستان، سەرنجدانە لە هۆکارە مێژووییەکان.

**ئامانجی توێژینەوە**, ناساندنی مێژووییەکی خوێناوییە لەنێوان میرەکانی کورد، کە تەنها مەبەستییان پارێزگارییکردن لە کورسی فەرمانڕەوایی بووە، نەک پارێزگارییکردن لە کۆمەڵی کوردەواری و بەرهەمی مرۆیی و کشتوکاڵی و ئابووری و ئارامی ڕێگا بازرگانییەکان و سەقامگیری بازاڕ و بژێوی خەڵک، ئەمانە هەموویان بە تێکرا کار بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی پەرەسەندوو دەکەن, سەرچاوەی بیرکردنەوەی نەتەوەیی بەهێزتر دەبێت، بەڵام لە نائامادەیی ئەم هۆکارانە, بەشێوەیەکی ڕێژەیی کار بۆ دەرەنگکەوتنی رێنیسانسی بیری نەتەوەیی دەکرێت.

**هۆکاری توێژینەوە**، نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بۆ کوردستانی عوسمانی، بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا سەرەتای سەدەییەکی چارەنووسساز بوو لە دوو لایەنەوە، یەکەمییان: ئەگەر فەرمانڕەوایی میرنشینەکانی باشووری کوردستان دەیانتوانی لە یەکگرتنێکی کۆنفیدراسیۆنییدا پەرە بە پرۆسەی چەسپاندنی دەسەڵاتی کوردی بدەن وەک سەرەتایەکی نوێ بۆ دروستکردنی نەتەوە-دەوڵەت، دەرفەتێکی زێرین بوو، دووەمیان: لە جیاتی بەدیهێنانی خواستی

یەکەم، کەوتنە شەڕ وململانێیی دەسەڵات, کە زیانێکی گەورەی بە دوارۆژی کوردستان گەیاند. وردبوونەوە لە هۆکاری ئەم ململانێیە ئەنجامگیری لە رەهەندی مێژووییەوە دەستدەخات.

**گرفتەکانی توێژینەوە،** بەردەستنەبوونی گەلێك سەرچاوەی ڕەسەنی ڕووداوەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، بەتایبەتی لەکاتی ڕووداوەکانی ململانێیی فەرمانڕەوایی میرنشینەکانی باشووری کوردستان، ئەوەی سوودییان لێوەرگیراوە, سەرچاوەکانیان بەڵگەنامەی دەوڵەتانی قاجاری و عوسمانی و بەریتانی, کە بە پلە دوو دادەنرێن لە شیکردنەوەی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لە باشووری کوردستان.

**ئەم توێژینەوەیە,** پێکدێت لە پوختەی توێژینەوە و پێشەکی و دەروازەییەک و دوو تەوەرەی سەرەکی و دەرئەنجامێکی کۆتایی، لە تەوەرەی یەکەمدا تیشك خستنەسەر شەڕی فەرمانڕەوایی نێوان میرەکانی باشووری کوردستان، کاریگەری قووڵی دانا لەسەر درەنگکەوتنی ڕێنیسانسی بیری نەتەوەیی, چونکە میرەکان ئەوەندەی لەخەمی گرتنە دەستی دەسەڵات و شەڕکردن لەسەر نۆبەتی وەرگرتنی دەسەڵات بوون، ئەوەندە لە خەمی چارەنووسی کورد دانەبوون، هێنانی سوپای دەوڵەتان بۆ ناوخاکی باشووری کوردستان، فراوانکردنی سنوورەکانیان لە سەر حسابی یەکتری نەوەک لەسەر حسابی دەوڵەتانی داگیرکار. تەوەرەی دووەم: باس لە پرۆژەی لەبیرکردنی نەتەوە دەکات, کە لەبەرئەنجامی شەڕی ململانێی فەرمانڕەواکان (میرەکان)ی باشووری کوردستان لە دژی یەکتری، ئەم هەموو شەڕ و ململانێیە بۆ دروستکردنی پرۆژی ئابووری لە ئاستی سەرەتایی و هاوسەنگکردنی کۆمەڵی کوردەواری و کەمکردنەوەی ئازارەکانی نەبوو، بەڵکو خستنەوەی نا ئارامی و کۆچکردنی عەقڵە پەرەسەندوو و گەشەکردووەکانی ناو کۆڕی زانایانی باشووری کوردستان بوو. بێجگە لە کۆچکردنی دەیان بازرگان و پیشەگەری بەتوانا بۆ ناوچەکانی دەرەوەی باشووری کوردستان، ئەم کۆڕەوی هزرمەندەکان لە کوردستان, نائامادەیی پرۆژەی دروستکردنی نەتەوە-دەوڵەت لە ئەنجامدا زیانێکی گەورەی لە پرۆژەی ڕێنیسانسی بیری نەتەوەیی کورد دا.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە،** بریتین لە کۆمەڵێک سەرچاوەی گرینگ، کە سوودی زۆرییان لێوەرگیرا بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەوانە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی بڵاونەکراوە، کە بەشێکیان لە ئەرشیفی بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی لە شاری سلێمانی، دەربارەی جوڵانەوەی میرانی بابان لە هاردێکی تۆمارکردن دا پارێزراون و سوودیان لێوەرگیراوە، هەروەها کۆمەڵێک بەڵگەنامەی تری بڵاونەکراوە کە لە ئەرشیفی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی-ئیستانبوڵ( Basbakanlik Osmanli Arsivi) سوودیان لێوەرگیراوە، هەروەها لە بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان وەک: (Kerem Soylu: Mesail-I Muhimme-I Kurdistan(Kurdistanin Onemili Meseleleri Osmanlica ve Turkce) هەروەها بەڵگەنامەکانی قاجاری وەک: محەمەد حەمە باقی، میرنشینی ئەردەلان-بابان-سۆران لە بەڵگەنامەکانی قاجاری دا، هەروەها کتێبێکی بەڵگەنامەیی بە زمانی ئینگلیزی، وەك:-(A.B. Cunningham: The Early Correspondence of Richard Wood 1831-1841).

**دەروازە:**

سەرهەڵدانی میرنشینەکان لە ئەنجامی دەسەڵاتێکی ناوچە تەنگەبەر لە دایکبوون، لە بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندێتیی ئیمپراتۆرییەتەکانی خۆرهەڵات سەریانهەڵدا, بەهێزبوون لەسەر بنەمای سیستەمی خێڵایەتی و خزمایەتی خوێن, ڕەگ و ریشەیان زیاتر داکوتا، میرنشینەکان خاوەن ئایدۆلۆژیاییەکی سیاسی تایبەت بە خۆیان نەبوون لە سەر ئاستی نەتەوەیی و ئایینی-مەزهەبێکی دیاریکراو, پەرگیری ئایینی نەبوون, میرنشینەکان ئامانجیان دروستکردنی سنوورێکی تایبەت بە نیشتیمانی کوردستان نەبوون، بەردەوام میرنشینەکان لە دژی یەکتری بوون و هەمیشە لە پێناو دەسەڵاتدا شەڕی فەرمانڕەوایی یەکتریان کردووە، خاوەن ئایدۆلۆژیاییەک نەبوون کە رەهەندی کولتووری-سیاسی هەبێت بۆ بەرهەمهێنانەوەی کولتووری کوردی، لەوانە زمانی کوردی؛ بەڵام هەڵکەوتەی جوگرافیای سیاسی و سەربازی کوردستان هەمیشە لەبەردەم شەڕی ئیمپراتۆرییەتەکان و کێشە ناوخۆییەکاندا زیانێکی گەورەی بەرکەتووە، کاتێک میرەکان بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەی فەرمانڕەوایی هانایان بۆ پایتەختەکانی داگیرکارانی کوردستان دەبرد، بە لەشکری دەوڵەتان بۆ سەر کورسی دەسەڵات گەڕاونەتەوە(سابیر 2008, 51-52).

ئەم بارودۆخە زادەی مێژووییەکی ترە لە چەسپاندنی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە کوردستاندا، ئەمە چۆن ڕوویدا..؟ کاتێک دەوڵەتی عوسمانی ڕێکەوتنی لەگەڵ میرانی کورد مۆرکرد، سیستەمی بەڕێوەبردن لە کوردستانی عوسمانی بەمجۆرە دەقیانکرد، یەکەم: سیستەمی حکومەتداری، کە خێزانی میرنشینە گەورەکانی کوردستان باڵادەستی نێو ئەم بەڕێوەبردنە بوون، لە ئەنجامی بەشدارییان لە شەڕی چاڵدێران ٢٣ی ئابی ١٥١٤، ئەمە وەك پاداشتێک لە دوای کۆتایهاتنی شەڕی چاڵدێران، ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە لە دەرەوەی چاودێرێکردنی دارایی و کارگێری بوو، سەرەڕای حوکمی میراتگرییان کە تێیدا چەسپێندرا بوو، لەوانە: میرنشینی سۆران و ئامێدی لە باشووری کوردستان، دووەم: حوکمداری میراتی، ئەم شێوازی بەڕێوەبردنە لە بنەڕەتدا زۆر لاواز و بێدەسەڵات و خاوەن سەروەری تەواو نەبوو، چونکە ئەم سیستەمە لایەنی سیاسی و کارگێڕی و دارایی, لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییەوە چاودێریی دەکرا، لەهەر کاتێکدا میری میرنشینێک فەرمانی دەوڵەتی عوسمانی جێبەجێنەکردبووایە، لە دەسەڵات دووردەخرایەوە و کەسێکی تر لە بنەماڵەکەی دادەنرا، ئەگەر لەکاتی وەجاغکوێربوونی میرێک ئەوا والییەکی عوسمانی ئەبوو بە فەرمانڕەوایی ناوچەکە (مراد 2013، 6-8). ئەم شێوازی بەڕێوەبردنە سەرەتای دەستێوەردانەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوو لە کاروباری تایبەتی ناوخۆی میرنشینەکانی کوردستان، هەروەها بە دیوێکی تردا دروستکردنی ناکۆکی و ململانێ لەنێوان میرەکانی کورد لەسەر نۆبەتی فەرمانڕەوایی و کێشمەکێشمی وەرگرتنی دەسەڵات، لەمجۆرە حوکمڕانیە ناوچەکانی کۆیە و زەنگەنە لە ئیالەتی شارەزوری باشووری کوردستان ئامادەیی هەبوو. سێیەم: سیستەمی سەنجەقی عەشیرەتی، ئەمجۆرە حکومڕانیە دوایین شێوازی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵی کوردەواری بوو، بۆ ئەو هۆزانەی کە کۆچەری بوون و نیشتەجێی شار و لادێکانی کوردستان نەبوون، ئەمەش بۆ مەبەستی پارێزگاریکردن لە ئارامی کۆمەڵە کۆچەرییەکان و ئاسایشی سنوورەکان(مراد 2013، 6-8)، ئەمجۆرە لە دابەشکردنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان, هەنگاوی سەرەکی بوون بۆ دابەشکردنی کۆمەڵی کوردەواریی لە باشووری کوردستان لەناو جوگرافیاییەکەیدا بۆسەر چەند ئییالەت و سەنجەق و حکومەتی میرنشینی، بۆ نموونە: ویلایەتی شارەزور لەماوەی دروستکردنی تا ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەی لە( ٢١ی تەشرینی یەکەمی ١٥٦٨-٥ی ئەیلولی ١٨٥٢) بۆ ماوەی چوار سەدە بەهەر سێ شێوازی سیستەمی کارگێری عوسمانی تێپەڕبووە، واتە: بەحوکمداری حکومەتی میرنشینی و حکومداری میراتگری و سەنجەقی عەشیرەتی دا.

سەرباری سەرهەڵدانی میرنشینەکان و دابەشبوونی کوردستان لەڕووی سیستەمی سیاسی و کارگێڕی و دارایی و چەسپاندنی حوکمداری میراتگری بنەماڵەیی, بەڵام بارودۆخی کوردستان بە بەردەوامی لەشەڕدابووە، لەنێوخۆی یەک میرنشین دا، چەند میرنشینێک لەگەڵ یەکتری شەڕی فراوانخوازی یەکترییان کردووە، سەرەڕای فراوانخوازییەکانی دەوڵەتی سەفەوی بۆ سەر کوردستان, کە لە سەرەتای سەدەی شانزەهەم تا چارەکی دووەم لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەهەم بەردەوامی هەبووە، کوردستان کەوتە سەر شانۆی سیاسی دەوڵەتانی عوسمانی و سەفەوی، بەتایبەتی ململانێی نێوان میرەکانی کورد، پاڵنەری بەهێزی هاتنەناوەوەی هێزی عوسمانی و سەفەوی بوون بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەی فەرمانڕەوایی نێوان میرەکانی کورد(هەروتی 2013، 46 و 49).

سڕبوونی پەیوەندی نێوان میرە کوردەکان و دەسەڵاتی عوسمانی هاتبووە ئاراوە لە دوای مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی زەهاوی ١٦٣٩ی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان، بەڵام ئەوەی کورد و ناوچە دوورە دەستەکانی بە ناوەندی دەوڵەتی عوسمانی دەبەستەوە تەنها ڕەوانەکردنی باج, ناردنی سەربازی کورد بۆ شەڕی دەوڵەت لە کاتی بەرپابوونیدا، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی لەڕێگای دوو ویلایەتی ناوەندی گەورەی کوردستان و مسیۆپۆتامیا, واتە سێواس و بەغداد چاودێری بارودۆخی کوردستانیان دەکرد، ئەمە سەرەڕای بەناوەندبوونی شاری ئیستانبوڵ و بەغداد بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەی فەرمانڕەوایی نێوان میرە کوردەکان لە باشووری کوردستاندا، ئەم بارودۆخە سیاسییە تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم هەر بەردەوامی هەبوو، لە جیاتی چەسپاندنی بنەماکانی لێبوردەیی سیاسی، چارەسەرەکانی ئیستانبوڵ و بەغدادیان بەلاوە گرینگتربوو، کامە میر خەزێنەی دەوڵەت و سوڵتان و والی دەوڵەمەندتر بکات، سوپای دەوڵەت و ویلایەتی بەغداد لە خزمەتی پرۆسە سەربازییەکانی دابوو بۆ سەر کوردستان (هاکان 2012، 35-36).

هەر چەندە لە گەرمەی ململانێکانی فەرمانڕەوایی لە کوردستانی عوسمانی، بیری نەتەوەیی لەلای کەسایەتێکی شاعێری وەک ئەحمەدی خانی (١٦٥١-١٧٠٧) چەکەرەی کرد، شیعرەکانی کەوتنە خانەی پرۆتێستۆکردنی ڕۆمانسیانەی ڕووداوە ڕاستەقینەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی ئەوکات لە ژێر سەردێری (دەردێ مە):

ئایا ب چ وەجهێ مانە مەحروم

بیلجومله ژ بۆ چی مانە مەحکوم

ئەم دێرە ڕێک لەگەڵ بارودۆخی ئەوکاتی حوکمڕانی کوردستانی بندەستی عوسمانییەکان دەگونجێت، ئەم ڕەخنەگرتنەی خانی دوای سەد وپەنجاڵ لە دوای مەرگی ئەو هەر بەردەوامی هەبوو، بەدوای سەدەیەکیش لە مەرگی خانی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم, کوردستان و میرنشینەکانی مەحکومی دەسەڵاتی عوسمانی و قاجارییەکان بوون.

شایانی باسە ئاماژە بە گۆڕانکارییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کارێکی پێویستە, کە لە دەوروبەری دەولەتی عوسمانی دروستبوون، سەدەی پڕ لە گۆڕانکاری و بناغەدانەری کۆمەڵگاییەکی پیشەسازی بوو لە ئەوروپا، سەردەمی جیهانێکی نوێ بوو، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە کارێکی وای نەکردە سەر عوسمانییەکان و دانیشتوانی کوردستانی عوسمانی، ئەمە بەهۆی لاوازی ریشەیی پاشخانی ئابووری و کۆمەلایەتی دەولەتی عوسمانی بوو، لەبەرامبەردا کوردستان ببوو بە مەیدانی شەڕی کورد و عوسمانی، کورد-کورد، کوردی سوننی-کوردی ئێزدی، کورد و ئاشووری، هێرشی کورد و دەولەتی عوسمانی بۆ سەر ئێزدییەکان (هاکان 2012، 27-39), دەرکەوتنی بەرژەوەندی دەولەتانی زلهێزی ئەوروپا وەک: روسیا و بەریتانیای مەزن و فەرەنسا و ئەلمانیا, هەتا ڕادەیەک ئەمەریکا، بەرجەستەکردنی سیاسیەتی ئەم دەولەتانە لە ڕێگای کردنەوەی قوتابخانە و کەنیسەی موژدەدەرە مەسیحییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەرکەوت، بەڵام کەوتنە ململانیکی توندی مەزهەبی ئایینی, بوونە سەرچاوەی تێکدانی شێوە پێکهاتنی کۆمەڵی کوردەواری, بەتایبەتی لە پێکەوەژیانی ئایینی دا(توفیق 2012، 45-46).

سەرەتای تێکدانی پەیوەندی مێژوویی نێوان کورد و ئاشووری, لەهەموویی مەترسیدارتر کوشتاری کورد-ئاشووری, ئاشووری و کورد لە سەدەی نۆزدەهەم زیانێکی گەورە بەر پرۆسەی رزگاری نەتەوەیی کورد کەوت، کاتێک جوڵانەوەکانی کورد دژ بە سوڵتانەکانی دەولەتی عوسمانی دەستپێکرد, دەولەتانی خۆرئاوا کوردستان و کوردییان لەبەردەم زەبرو زەنگی ئۆردوی عوسمانی تەنها هێشتەوە، ئامادەییان نەبوو پاڵپشتی جولانەوەکانی کورد بکەن، بەتایبەتی لە سەرکوتکارییەکانی دەولەتی عوسمانی لەماوەی (١٨٣٤-١٨٤٧) لە ڕامالینی میرنشینەکانی کوردستان (هاکان 2012, 40).

ئەم بارودۆخە گشتییە کاریگەری گەورەی لەسەر باری ناوخۆیی باشووری کوردستان دروستکرد، بەتایبەتی لە یەکتراترازندنی سیاسی, لەبارچوونی ژێرخانی ئابووری و بێهێزبوونی پایەکانی مانەوەی کۆمەڵی کوردەواری, بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و زۆربوونی ڕێژەی مردن، بە دیاردەبوونی کاری دزیکردن و تاڵانکاری, لە باشووری کوردستان بەرهەمە کشتوکاڵیەکان تاکە سەرچاوەی کۆمەڵی کوردەواری بوو، هەروەها لاوازبوونی بازرگانی و کۆچکردنی عەقڵە منەوەرەکانی کۆمەڵی کورد لە باشووری کوردستان بۆ پایتەختەکانی وەک ئیستانبوڵ، ئەم وێنەیە گشتییە بەشێکە لە مێژووی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە باشووری کوردستان.

**یەکەم: شەڕی فەرمانڕەوایی:**

ناکۆکی نێوان میرانی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بەرەو قوڵبوونەوەیەکی وێرانکاری ڕۆیشت, هەرچەندە ناکۆکی میرانی کورد لەسەدەکانی شانزەهەم بۆ کۆتایی هەژدەهەم هەر بەردەوامی هەبوو، بەڵام ئەم ململانێیە لەسەر نۆبەتی وەرگرتنی دەسەڵات بوو، نەک لەسەر گرینگی دان بە ژیانی هاوڵاتیانی کۆمەڵی کوردەواری ئەوکات، تێڕوانینی میرەکان بۆ ئایندەی خۆیان خەمێکی گەورە بوو، ئینجا ئەگەر لەسەر حسابی هەر لایەنێکی دژبەری بووایە، ئەگەر ئەو ڕکابەرەی برا، مام، ئامۆزا، برازاکانی بووان، ئەم خەمەی میرەکان بوو بە هۆکاری پەرتەوازەبوونی کۆمەڵی کوردەواری، پەرتبوونی هەڵوێستی سیاسی و نەتەوەیی لەبەرامبەر داگیرکارانی کوردستان بەتایبەتی عوسمانی و قاجاری لەسەدەی نۆزدەهەم، ئەم سادە وەرگرتنە و ئائامادەیی بوونە لە ڕووی سەربازی, ئابووری و کولتووری سیاسی کاریگەرییەکی گەورەی خوڵقاند, بەتایبەتی لە کاتی هاتنی کۆلۆنیالیزمی سەدەی بیستەم هەمان هەڵەی ڕابردووی میرەکانی کورد دووبارە کرایەوە، سەرەڕای ئەم ململانێیە توندەی نێوان براگەورەی خێزان (میری میرنشین), لەگەڵ برا و مام و ئامۆزاکانی لەسەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی, لەسەر شەرعییەتی فەرمانڕەوایی سێ زیانی گەورە لە سەرخانی کولتووری-سیاسی و ئابووری کوردستاندا، یەکەم: هێنانی وڵاتانی داگیرکەر بۆ سەرخاکی کوردستان، دووەم:

کۆکردنەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی لەدەستی کەسێکدا تا مردنی، لابردنی لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی تەنها بە سوپای دەوڵەتان یان تیرۆری سیاسی، سێیەم: کولتووری کۆکردنەوەی داهاتی خەڵک بۆ خەزێنەی تایبەتی میر، برسیکردن و هەژارکردن یەکێکە لە سیماکانی سیاسەتی ئابووری میرنشینەکانی کورد کە لە کۆتا دەییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا کاریگەرییەکانی بەجێماون. هەروەها ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە دروستکردنی فەرمانڕەوایی میراتی سیاسی, بەمیراتکردنی کورسی دەسەڵات بۆ مەبەستە کەسییەکان نەوەک خزمەتی گشتی هاوڵاتیانی کورد، ئەمەش وەک پێشووتر ئاماژەمان پێکرد، سیستەمی بەڕێوەبردنی کوردستان لە نێو دەوڵەتی عوسمانی، یەکێ لە سیماکانی، بەڕێوەبردنی حوکمداری میراتی بوو، زۆربەی میرنشینەکان ئەم شێوازەییان هەڵبژارد بوو.

ئەم کولتوورەی عوسمانییەکان لە ناوچەی باڵکان بۆ کوردستان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان، لەکاتی داگیرکارییەکانی سوپای عوسمانی لەسەدەکانی چواردە و پانزەهەم بۆ سەرناوچەکانی باڵکان، یەکەمین کاریان دەستکارینەکردنی سیستەمی بەڕیوەبردن و باج وەرگرتن بوو، لەسەرەتادا دەستکاری هیچ یاساییەکی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی-ئایینی ناوچەی باڵکانیان نەکرد، هەتا لە تێپەڕبوونی سێ نەوەی لەدوایەک لە باڵکان زۆرینەی سەربازانی سوپای عوسمانی لەم ناوچەیەدا بە ئاین مەسیحی-ئەرتۆدۆکسی بوون(ینالجیاك 2002، 165-166)، هەموو ئامانجەکە بەرگرتنبوو لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی سیاسی-چەکداری لەدژی دەسەڵاتی تازە سەپێنراوی عوسمانی، هەرچەندە بارودۆخی ئابووری, سیاسی و کۆمەڵایەتی لەنێوان ناوچەکانی باڵکان و کوردستان جیاوازییەکی گەورەییان هەبوو، بەڵام عوسمانییەکان جەختیان لە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسیەتە دەکردەوە، چونکە چۆن باڵکانەکان سنوورەکانی خۆرئاوای عوسمانیان پارێزراو ڕاگرتبوو، بەهەمان شێوە لە سنوورەکانی خۆرهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، کورد تاکە ئالتەرناتیڤی مسۆگەر بوو. بۆیە عوسمانییەکان سنووری وڵاتە گەورەکەیان گەیشتە قووڵایی خاکی کوردستان, ململانێی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی بەهێزتربوو, ڕەنگدانەوەی لەسەر میرانی کورد هەبوو، بەڵام کاتێک کە سنوورەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورپای خۆرهەڵات لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دارشتنەوەی لە نەخشەیەکی نوێدا جێبەجێکرا، پانزە دەوڵەت لە باڵکان دروستبوون، بەڵام کوردستانی عوسمانی و قاجاری لە چاوەڕوانی ئەوە دابوو کە پەیمانی ئاشتی لە پاریس ١٩٢٠ بەڵێنی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان جێبەجێ بێت.

ململانێی نێوان میرەکان لە سەر فەرمانڕەوایی کورسی دەسەڵات بوو، فراوانخوازییەکانیان بۆ پارێزگاریکردن لە ئاسایشیی دەسەڵاتی تاکەکەسی و تاکڕەوی بوو، نەک بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی هەموو میرنشین، یان (هەموو کوردستان)، دوورخستنەوەی مەترسی سەر دەسەڵاتەکانیان، وەک: میر محەمەد پاشای ڕواند(١٧٨٩-١٨٣٨), لەکاتی وەرگرتنی دەسەڵاتی لە میر مستەفا پاشای باوکی لە ١٨١٣-١٨١٤، یەکەمین کاری خانەنیشنکردن و دوورخستنەوەی باوکی بوو بۆ دەرەوەی شاری ڕواندز، دووەمین کاری هێرشی کردە سەر مامەکانی (یەحیا بەگ و تەمەرخان) لە قەڵاکانی رۆست و هاودیان، لە قەڵای برادۆست توانی شکست بە مەحمود بەگی سەلیم خانی برادۆست بهێنێت, لەوێوە هێرش بکاتە سەرناوچەی شنۆ (جەلیل1987، 133-140)، سێیەمین کاری کوشتنی مامەکانی و بەندکردنی یەکێکیان لە بەندیخانەکەی ڕواندز، دواتر لەکاتی ڕاکردنی بە فەرمانی ئەو کوژرا.

هەموو ئەم کارانە لەئەنجامی هەبوونی مەترسی لە سێبەری باوکی کە لە فەرمانڕەواییکردن لاییدات، مامەکانی بەسەرچاوەی گەورەی مەترسی سەر دەسەڵاتەکەی خۆی لە قەڵەمدەدان، لەبەرئەوەی لە سنووری دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری نزیکبوون, لە ئەگەری داواکردنی پاڵپشتی سەربازی لە هەردوو دەوڵەت بۆ لاوازکردن و بچووکردنەوەی دەسەڵاتی میر محەمەد پاشا لە شاری ڕواندز (جەلیل1987، 136-137). ئەم شەڕ و ململانێیە لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی, هەر تەنها لە ناو سنووری میرنشینی سۆران بەردەوامی نەبوو، بەڵکو پەڕینەوەی بەخۆیەوە بینی بۆ سنووری میرنشینەکانی تر، لە ساڵی ١٨١٦-١٨٣٦ میر محەمد پاشای ڕواندز هێرشی کردە سەرناوچەکانی شنۆ, کۆیە, هەریر, هەولێر, ئاڵتون کۆپری, ئاکرێ, ئامێدی, دهۆک و ناوچەی جەزیرە لە سنووری میرنشینی بۆتان، ئەم هێرشانە بەشێک لە کوشتاری ئیتنیک و ئایینی جیاواز و هاونەتەوەکانی وەک کوردانی ئێزدی لێکەوتەوە، بەتایبەتی کوشتارەکەی چیای شنگال ناوبانگێکی گەورەی هەیە، ئەم دەسەڵاتخوازییە تەنها بۆ تێرکردنی حەزی مانەوە لەسەر دەسەڵات و قایمکردنکردنی پاییەکانی بووە (ابراهیم2013، 62-64)، خاوەن پرۆژەییەکی نەتەوەیی نەبووە بۆ مانەوە و پارێزگاریکردن لە قەوارەی سەربەخۆیی کورد لە نێو دەوڵەتی عوسمانی دا.

لە میرنشینی بابان مێژووی ناکۆکیی و کوشتن لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی ڕابردوویەکی تاڵی هەیە، لەوانە، کوشتنی سلێمان پاشای میر بابان لە نێو باخەکەیدا, هەندێک سەرچاوەی تر ئاماژە بە ژووری نووستنەکەی دەکەن لە قەڵاچوالان لە (١٢ ی تەمموزی ١٧٦٣) کە لەلایەن فەقێ ئیبراهیمەوە کوژراوە، دواتر بۆ شاری کەرکوک ڕایکردووە، هەروەها محمود پاشا (...-١٧٨٣)، ساڵێک پێش کوژرانی، لە شەوی جەژنی ڕەمەزانی (١٧٨٢) محەمەد پاشای برای کوشت (مجهول2010، 31-32)، دەستپێکردنی ململانێ فەرمانڕەوایی بەمجۆرە شێوازە سیاسییە، کولتوورێکی سیاسی زیانبەخشی دروستکرد, کە لە دوارۆژی کورد بە زیانێکی گەورە شکایەوە، بەهێزبوونی میرنشینی بابان لەبەرئەنجامی شکستەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە دەوڵەتی ڕوسیای قەیسەری بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی ١٧٧٥-١٧٧٩، هەروەها نا سەقامگیری سیاسی و بڵاوبوونەوەی نائارامی لە نێوان ویلایەتەکانی بەغداد و موصڵ دا، کۆمەکێکی باشی بابانییەکانی کرد, کە دەسەڵاتی میرنشینی بابان بگەێننە دەرەوەی سنوورەکانی پێشوو، بەتایبەتی لە بیرکردنەوەیان لە بنیاتنانی شارێکی نوێ وەک (سلێمانی ١٧٨٤) (نوار 1968، 113)، ئەمە یەکەمین شار بوو کە کورد لەسەردەمی هاوچەرخ خۆی بنیاتی بنێت، بەڵام ناوێکی کۆنی مێژوویيان بۆ هەڵنەبژارد وەک(شارەزور)، بەڵکو ناوی سلێمانی، کە زیاتر ڕەهەندی ئاینی و خۆشەویستی بۆ ئەوەی خێزانی دەسەڵاتداری پێوە دیار بوو.

ئەمە ئەو شکستە بوو, کە میرەکانی بابان نەیانتوانی بیر لە چەکەرەکردنی بیروباوەڕێکی نەتەوەیی بکەنەوە, کە هاوسەردەمی بنیاتنانی سلێمانی بێت، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ نا ئامادەیی بازرگان, خاوەن سەرمایە, پیشەگەر, سەنعەتکاران و منەوەرانی ئەوکات بۆ بە ناوەندیکردنی شاری سلێمانی، چونکە ململانێی فەرمانڕەوایی لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەی بابانیەکان بەردەوامییەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو، سەرەڕای ئەمە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم فراوانخوازییەکانی سەلیم بەگ کوڕی محمود پاشای بابان لە ساڵی (١٨٠١) بۆ سەر ناوچەکانی کۆیەی ژێر دەسەڵاتی میر موستەفا پاشای ڕواندز، بەڵام لەلایەن سلێمان پاشای والی بەغداد سەرکۆنە کرا و بانگهێشتی بەغداد کرا، دواتر بۆ شاری حیللە دوورخرایەوە، بەڵام لە ساڵی ١٨٠٢ بەخۆی وبراکەی لە ڕێگای هەڵاتنیانەوە لە بەندیخانە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی بابان(مجهول2010، 55).

لە هاتنەسەرکاری عەبدولڕەحمان پاشای بابان لە ساڵی(١٨١٠)، بەپێی بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی عوسمانی هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەرناوچەکانی هەولێر و کۆیە, کاری بۆ جوڵاندنی هۆزەکانی ئیالەتی موصڵ کرد لە دژی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوەی پاڵپشتی بکەن، ئەمە لەئەنجامی هەلومەرگرتنی بوو لە بۆشایی دەسەڵاتی عوسمانییەکان (B.O.A:HAT:0397/20899-D) و لاوازبوونی ڕۆڵی میرنشینی سۆران لەناوچەکانی هەولێر و کۆیە. شەڕی فەرمانڕەوایی لەنێوان براکاندا قەتیس نەبوو، بەڵکو لەنێوان عەبدوڵڵابەگی بابان و محمود پاشای برازاکەی بەردەوامی هەبوو، لەنامەیەکی توندی محمود پاشا بۆ والی کەرکوک لە (١٦حوزەیرانی ١٨١٦)، هەڕەشەی هێرشکردنە سەر شاری کەرکوک دەکات، ئەگەر مامەکەی ڕادەستی ئەو نەکرێت بۆ دادگاییکردن و تەمبێکردنی عەبدوڵڵا بەگی بابان (باقی2003، 74-75).

بەڵام هەر چوار ساڵ دوای ئەم ڕووداوانە, بەڵگەنامەییەکی عوسمانی لە ساڵی (١٨٢٠), سەربردەییەکی دەگمەنی بۆ تۆمارکردووین، کە عەبدوڵڵا پاشای بابان دوای مردنی، دەوڵەتی عوسمانی وازی لێنەهێناوە, داوای قەرزەکانی سەر ئەو دەکات، کاتێک دەنووسێت کە نزیکەی ٧٠٠ کیس لە ئەستۆی ئەودا ماوە (B.O.Arisivi: HAT: 0797/36984)، واتە نزیکەی سی و پێنج هەزار قرشی عوسمانی، ئەگەر لە خەمڵاندنی خشتەکانی گۆڕینەوەی دراوی جونەیهی ئیستەرلینی بەریتانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بدەین، لە ئەنجامدا حەڤدە هەزار و پێنج سەدو هەشتاو حەوت هەزار جونەیهی ئیستەرلینی بەریتانییە، کە بەهەدەردانی سامانی هاوڵاتیانی ئەوکاتی ژێر دەستی بابانییەکان، زەرەرمەندبوونێکی گەورەییە لە مێژووی حوکمڕانی میرنشینی بابانەکان، لەو سەردەمدا بەشی چەند قوتابخانە و پردی پەڕینەوە و دروستکردنی تیمارخانە و چاککردنەوەی ڕێگاوبانی دەکرد لە سنووری قەڵەمڕەوی بابانەکان.

شەڕی ململانێی دەسەڵات لەنێوان میراتگرانی نۆبەتدار لە فەرمانڕەواییکردنی بابان بەردەوامی هەبوو، تاوەکو ساڵانی (١٨٤٧-١٨٥١) لە ئەنجامی مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ئەرزەڕۆمی دووەم لە (٣١ی ئایاری ١٨٤٧)، لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری, بڕیار لەسەر رووخاندنی میرنشینی بابان لە دەقی ڕێکەوتننامەکەدا دەقکرا (هەرکی 2008، 36-40), لە تەنیشت هەردوو میرنشینی سۆران و بابان، میرنشینی بادینان کەمترین ململانێی دەسەڵاتداری هەبوو، بە بەراورد لەگەڵ میرنشینەکانی تر، لەلایەن عوسمانییەکان خاوەن نفوزێکی گەورەی سیاسی بوون لەسەدەی

شانزەهەمەوە، بەهۆی ئەوەی کە بنەماڵەی میرنشینی بادینان دەگەڕێنەوە سەر بنەچەی عەباسییەکان(٦٥٢-١٢٥٨)، بەیەکێ لە ڕێزگیراوترین میرنشین دانراوە لەلای سوڵتانەکانی عوسمانی (حداد 2011، 44), میرەکانی بادینان بەبەردەوامی هێڵی بەیەک گەیاندن و وەرگرتنی لێخۆشبوونی میرەکانی سۆران و بابان و ئەردەلان بوون، لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانییەکان لە ئیستانبوڵ، ئەم پێگەیە لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، هەرچەندە دوای هێرشەکانی میرنشینی سۆران بۆ سەر سنوورەکانی میرنشینی بادینان و داگیرکردنی پایتەختەکەی (ئامێدی) لەلایەن سوپای میرنشینی سۆران، پەرتەوازەیی و هەڵاتنی میری میرنشینەکەی لێکەوتەوە، هەرچەندە دوای نەمانی دەسەڵاتی میری سۆران لە ناوچەی بادینان، گەڕانەوەی ئیسماعیل پاشا دوا میری بادینان بۆ ئامێدی، بەڵام سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا و دواتر بەناچاری ڕووی لە وەرگرتنی پۆستی متصرفییەتی کەربەلا کرد و هەر لەوێش سەری نایەوە (ابراهیم 2013, 91).

**دووەم: لەبیرکردنی نەتەوە:**

شەڕی فەرمانڕەوایی کاریگەری گەورەی بەجێهێشت لە دروستکردنی پرۆژەی لە بیرکردنی نەتەوە، هاوکاتی ڕووداوەکانی ئەوکات لە باشووری کوردستان، نەتەوەکانی دەوروبەری کورد و ئەوانەی لە نێو دەوڵەتی عوسمانی دابوون, خەریکی بنیاتنانی بنەماکانی دروستککردنی نەتەوە و دەوڵەت بوون، لەوانە مصرییەکان لە دوای ساڵی (١٨٠٥)، بەسەرکردایەتی محەمەد عەلی پاشا (١٧٧٠-١٨٤٩)، توانیان دەوڵەتیکی بەهێز بنیاتبنێن لە ساڵی (١٨٣٣) سوپاکەی بگاتە دەرگاکانی ئیستانبوڵ, دوای داگیرکردنی هەریەکە لە قۆنیە, ئەدەنە و کۆتاهییە (عزالدين 2009, 107-148)، بەڵام لەم سەروبەندەدا میرەکانی کورد خەریکی هێنانی سوپای دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بوون بۆ یەکلایکردنەوەی چارەنوسی کورسی فەرمانڕەوایی میرنشینەکانیان، ئەمە سەرەتای لە بیرکردنی هەموو خەمێکی نەتەوەیی بوو، کە بەرپرسیارییەتی فەرمانڕەواییانی میرنشینەکان تەنها دەسەڵات بوو، هەر بۆیە بارودۆخێکی گشتی دێتە ئاراوە، کۆچی عەقڵە ڕۆشنفکر و منەوەرانی کورد بۆ ناوچەکانی دەرەوەی کوردستانی عوسمانی دەستپێیکات بۆ ئیستانبوڵ، بەغداد و شام، سەر کاروانی عەقڵە منەوەرەکانی کورد لەسەدەی نۆزدەهەم مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٩-١٨٢٦)، بەیەکجاری شوێنگەی زانستی خۆی گواستەوە بۆ شاری دیمەشق لە شام، ڕۆیشتنی مەولانا خالیدی نەقشبەندی زیانێکی گەورەی لە کۆمەڵی کوردەواری دا، بەرلەوەی دامەزراوەی حوکمڕانی میراتگری بەهەموو دامودەزگاکانییەوە زەرەرمەند بێت، بەڵام هۆکاری هەڵبژاردنی سلێمانی لەلایەن مەولانا خالید بەهۆی ستراتیجییەتی شاری سلێمانی بوو لە کاتی گەڕانەوەی لە هیندستان، هەروەها کۆمەڵی ئەوکاتی سلێمانی زۆر ماندوو و شەکەتبوون بەدەست ململانێکانی فەرمانڕەواییانی بابان، بۆیە بەدوای دەریچەیەک دەگەڕان, کە دەربازییان بکات لە کێشەی فەرمانڕەواییانی بابان، بەتایبەتی چینی کارکەری ناوبازاڕ و بازرگان و خاوەن پیشەکان، بۆئەوەی مەولانا خالید ببێتە پردێک لە سەقامگیرکردنی ئارامی لە پایتەخت و دەوروبەری میرنشینی بابان(باقی 2013، 266-267).

هەرچەندە بیروباوەڕی مەولانا خالید لە هەڵقوڵاوی تەریقەتی نەقشبەندی سەرچاوەی گرتبوو, کە بەرگریکردن لە هەژاران و کاسبکاران و گەیاندنی دەردو مەینەتیەکانیان بە دەسەڵاتداران ڕوون و ئاشکرابوو، بەڵام بەردەوامبوونی ئەم تەریقەتە و ڕابەرەکەی کورتخایەن دەبێت لە ئەنجامی (تەقاندنەوەی) زیرەکانەی ململانێکانی نێوان تەریقەتی قادری و نەقشبەندی، کە هۆکاری سەرەکی ڕۆیشتنی مەولانا خالید بۆ وڵاتی شام دەبێت. لەهەمانکاتدا بارودۆخی ناوخۆیی میرنشینی بابان لە هەڵبەزودابەزی ململانێیەکی گەورەی فەرمانڕەواییکردندا تێپەڕدەبوو، بۆیە مانەوەی منەوەران و ڕۆشنفکرانی ئەوکاتە لەوانە، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، مەترسی لەسەر ژیان و داهاتوویان دروستدەبوو، بەتایبەتی لە پەلکێشکردنی سوپای دەوڵەتان بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکانیان، کە جوتیاران و کاسبکاران و بازرگانەکانی هەراسانکردبوو، باجێکی گەورەی ئابووریاندابوو. بۆیە کە بەرهەمهێنانی ئابووری سەرەتایی، بناغەی دروستکردنی نەتەوەیە، بەڵام فەرمانڕەواییان لە باشووری کوردستان، ئەم سەرەتاییە لەبار دەبەن، دەستی کارکردن و داهاتی کۆمەڵە خێزانەکان بەرەو کەمبوونەوە دەبەن، بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لەناودەچن و هەژاری و برسییەتی بڵاودەبێتەوە، نەخۆشی و کەمبوونەوەی دانیشتوان سەرهەڵدەدات، ئەمانە ئەو ئەرکە نەتەوەییە بنەڕەتیانە بوون کە هەر زوو لە بیرکران، ئەم بیرچوونەوەی نەتەوەییە بوو بەسەرەتای ئەوەی کە نووسەرێکی وەک مەسعود محەمەد بنووسێت: **تا ئێستا کورد پەرژینی**

**کیانی نەتەوەیی بەدەوری مێژوومانەوە نەبووە تا کۆمانبکانەوە و بەرگریمان لێبکا..جگە لە هەندێ ناوچەی دیاریکراو بوونی گشتیمان نەبووە**(محەمەد 2014، 81).

ڕەتکردنەوەی یەکتری و بەرهەمهێنانی کولتووری-سیاسی یەکترشکاندن و کوشتنی سیاسی زیانێکی ئێجگار گەورەی لە دروستکردنی قەوارەی سەربەخۆیی کوردی داوە، بەتایبەتی لە فەرامۆشکردنی خوێندەواران و ڕووناکبیرانی کورد، لەوانە یەکێکی وەک: مەلا ئیبنوئادەمی باڵەکایەتی(١٧٤٧-١٨٣٦)، لەلایەن میر محەمەد پاشای رواندز, بە سەختی فەرامۆشدەکرێت یان هەروەکو لە کتێبەکانی بەناوی (سلسلة الذهب) کە لە ١٨١٩ دایناون، بەشێکی وە ک یادداشتی رۆژانە تۆمارکراون، باس لە کێشە و گرفتەکانی لەگەڵ میر محەمەد پاشای میری ڕواندز دەکات، سەرئەنجام مەلا ئیبنوئادەم دەگەڕێتەوە ناوچەی باڵەکایەتی و هەر لەوێدا سەردەنێتەوە.

کەسایەتێکی لەم بابەتە مامۆستای مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە و حاجی قادری کۆیی بووە، ئەم پەراوێزخستنەی منەوەرانی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە باشووری کوردستان، بۆتە سەرەتای بێئومێدکردنی پرۆژەی ڕێنسسانسی بیری نەتەوەیی کورد. هەروەك حاجی قادری کۆیی دەنووسێت:

قوتبی زەمانە خالید ئاوارە بوو وەکوو من

بێ قەدر و قیمەت و شان، بێ خن و مان و بێ نان

(میران و شارەزا ٢٠٠٧، ٨١)

ئەم دوو دێرەی حاجی قادری کۆیی، گوزارشتە لە گێڕانەوەی مێژووی ناکۆکی و وەدەرنانی جەمسەرێکی گەورەی رووناکبیری و کۆمەڵایەتی و میانڕەوێکی ئایینی وەك مەولانا خالیدی نەقشبەندی، لە باشووری کوردستان، دێری یەکەمی شیعرەکەی حاجی قادر، گێڕانەوەی مێژووی لێکچوواندنی بەسەرهاتی خۆی (حاجی قادری کۆیی) و مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە ئاوارەبوونیان، دێری دووەمی شیعرەکەی گوزارشتە لە بەسەرهاتی رۆژانی ئاوارەیی لە بێ قەدر بوون تا بێ نان و ئاو بوون واتە(برسێتی)، ماوەی نێوان رۆیشتنی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و حاجی قادری کۆیی لە باشووری کوردستان نزیکەی چل و دوو ساڵە، مێژووییەکە لە بنیاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەڵقوولاوە و پرۆژەی نەتەوە-دەوڵەت، کە بنەما سەرەتاییەکانی تازە بەجیهان بڵاودەبوونەوە، بەڵام لەلای دەستەبژێری دەسەلاتدار و فەرمانڕەوایی کورد، کارێکی نەزانراو و کار لەسەر نەکراوبووە.

بەڵام هۆکاری تر ئامادەییان هەبووە، لەوانە باڵادەستبوونی ستراتیجیەتی سەربازی و پارێزگارییکردن لە کورسی فەرمانڕەوایی میرنشینەکان، چونکە دروستبوون و بەڕێوەبردنی میرنشینەکان لە سەر بنەمای خزمایەتی-خێڵەکی بووە، واتە لەسەر بنەمای گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەبووە، بەڵکو ئەوکاتە دەوڵەتی خێڵ سەریهەڵدەدا، نەک میرنشینی ناوچەیی ناپەرەسەندوو لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەمجۆرە مۆدیلە زیاتر لە میرنشینی خێڵایەتی و دەوڵەتە شاری گەورە خۆی نواندووە(قەرەداخی 2004، 90-91). ئەم سیستەمە لاوازەی میرنشینەکان لەماوەی چوار سەدەی بەردەوامبوونی لە ژێر دەستی عوسمانییەکان, نەیتوانی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە بهێنێتە بەرهەم, کە کۆڵەگەی دروستکردنی بنەمای ئابووری و هێزی سیاسی گەشەسەندوو بۆ لەدایکبوونی نیمچە قەوارەی نەتەوەیی.

سەرباری دواکەوتوویی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەپێی بەڵگەنامەکانی بەریتانیای مەزن، کە نێردراوی ئەم وڵاتە ریچارد وود(١٨٠٦-١٩٠٠) (RICHARD Wood) لەسەردانی مەیدانی بۆ قەڵای ڕواندز لە ٣ی ئەیلولی ١٨٣٦ تۆماریکردووە، دەنووسێت: میر محەممەد پاشای ڕواندز خاوەنی یەک ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی بەریتانییە (A.B. Cunningham1966, 104-108)، کەچی سوپاکەی کە نزیکەی شەست هەزار جەنگاوەری ئازابوون، بۆ چەندین مانگ بەبێ وەرگرتنی پاداشتەکانی شەڕ و دابینکردنی بژێوی ژیانیان برسی بوونە، هێدی هێدی بەرەو لاوازبوون و پەرتەوازەبوون دەڕۆن، ئەم خۆپەرستییە سیاسییە لەبەرئەنجامی داهێنانی کولتووری عوسمانی سەرچاوەی گرتبوو، کە کۆمەڵی کوردەواری دووبەشکرابوو، یەکەم: چینی میران و دەسەڵاتداران و خاوەن قەڵاکانی کوردستان، دووەم: چینی هاووڵاتیانی بێ دەسەلات و خوارەوەی هەرەمی میرەکان و دەسەڵاتداران (اسکندر 2008, 89-90)، ئەم دابەشبوونە کۆمەڵایەتییە، کاریگەری زیاتری خوڵقاند لە پەراوێزبوونی کۆمەڵی کوردەواری لە ئاڕاستەکردنی ڕووداو و

پێشهاتەکانی ناو هەناوی کۆمەڵی کوردەواری، لەهەمانکاتدا زیانێکی گەورەی لە پرۆسەی پەرەدان بە بیری نەتەوەیی و گەشەکردنی بەیەکجاری بینی.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە لەبەرەو کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، لە بەڵگەنامەییەکی عوسمانی باس لە میر ئیسماعیل پاشای ئامێدی دەکات, کە لەشاری موصڵەوە ڕاییکردووە بۆ لای میر بەدرخان بەگی بۆتان، بەلگەنامەکە ڕێکەوتی (١٢ی شوباتی ١٨٤٢) ی بەسەرەوەیە، لەناوەڕۆکدا چەند جارێک وشەی هەستی نەتەوەیی (Milliyetciligi) ی بەکارهێناوە (Kerem Soylu 2010, 128)، لەبەرامبەر ئەوەی کە پەیوەندی بە بزووتنەوەی میر بەردخان بەگی بۆتانەوە کردووە، بەڵام مێژوونووسەکان ئەمە بەسەرەتاییەکی زۆر زوو دەزانن بۆ چەکەرەبوونی هەستی نەتەوەیی لەلای میر ئیسماعیل پاشای ئامێدی، بەڵام سەیر نییە کە بەجۆرێک سەرسامی بیری نەتەوەیی میر بەردخان بەگ بووبێت, وەک سەرەتاییەکی دەستپێک، کە ئەوکاتە گەورەترین بزووتنەوەی چەکداری کوردی بوو دژ بە دەوڵەتی عوسمانی لە باکووری کوردستان، ئایا هەر لە باکوور بیری نەتەوەیی چەکەرەی کرد, یان لەلایەن میر ئیسماعیل پاشای ئامێدی لە کۆتاییهاتنی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە باشووری کوردستان.

**ئەنجام:**

یەکەم: باشووری کوردستان لەڕووی بەڕێوەبردن و سیستەمی حوکمڕانیەوە، لەژێر کولتووری-سیاسی و کارگێڕی عوسمانییەکاندابوو، سیستەمی حوکمڕانی بنەماڵەیی و میراتگری فەرمانڕەوایی ئامادەییەکی تەواوری هەبوو، ئەم بارودۆخە لەدووبارە بەرهەمهێنانەوەی فۆرمی خۆی هیچ بەرهەمێکی تری نەبوو، کە سەرچاوەی ناکۆکی بەردەوامی سیاسی نێوان میراتگرانی فەرمانڕەوایی بووە.

دووەم: داهێنان لە پەلکێشکردنی هێزی سەربازی ناوخۆ و دەرەکی بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەی فەرمانڕەوایی لەنێوان برا و برا، مام و برازا و ئامۆزاکان، کە ئەمە بووە کولتوورێکی باوی سیاسی, کە لەلای نەوەکانی دوای نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم بەردەوامی پێبدرێت، بەتایبەتی لە پەلکێشکردنی سوپای دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بۆ نێو کوردستان.

سێیەم: سەربەخۆیی و بڕیاری ڕاستەقینە لەلای میرانی کورد نەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی دابەشکردنی کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانی، میرانی کورد جۆرێک لە حوکمڕانیان قەبوڵکرد، کە حوکمداری میراتی بوو، کە بۆ نەوەکانی دوای خۆیشیان بەردەوامی هەبوو، بەڵام لە بنەڕەتدا هەموو سەربەخۆییەکی سیاسی و ئابووری و سەربازی کە کۆڵەگەی دروستکردنی قەوارەی نەتەوەیین لەدەستی ئەواندا نەبوو، بەڵکو لە دەسەڵاتی عوسمانییەکاندابوو.

چوارەم: بەناوەندکردنی ئیستانبوڵ و بەغداد و هەندێ جار تاران، بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەی فەرمانڕەوایی لەنێوان ئەندامانی یەک بنەماڵەدا، ئەم ناوەندانە لە خراپترکردن و قووڵکردنەوەی کێشەی نێوان لایەنەکانی ناکۆک و ناردنی چارەسەری سەربازی بۆ سەر کوردستان، زیانگەیاندن بە بارودۆخی سەقامگیری و ئاسایشی هاوڵاتیانی ئەوکاتی ژێر دەستی فەرمانڕەواییانی بابان و سۆران.

پێنجەم: سەرهەڵدانی خۆپەرستی سیاسی و کۆکردنەوە و دەستبەسەرداگرتنی داهاتی هاوڵاتیانی ئەوکاتی میرنشینەکان بۆ خەزێنەی تایبەتی میرەکان، لەوانە، میر عەبدوڵڵا بەگی بابان و میر محەمەد پاشای ڕواندز. کە کاریگەری مێژووی دروستکرد لە کولتوور-سیاسی دوای میرنشینەکان، کە سیاسەتی میرەکان بەهەمان ناوەڕۆکی جاران، بەڵام لە فۆرمێکی جیاوازدا بەردەوامی هەبێت.

شەشەم: ئاوڕنەدانەوە لە کۆمەڵی کوردەواری و نە بوژاندنەوەی لەڕووی خوێندەوارکردن و پێگەیاندنی نەوەکانی ئەوکاتی ژێری دەستی میرنشینەکان، کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەمانەوەی کۆمەڵی کوردەواری لە بەرگی خێڵی دواکەوتوو و خاوەن کەمبەرهەمی ئابووری بێت، کە نەتوانێت ڕۆڵی لە دروستکردنی نەتەوە-دەوڵەت هەبێت.

حەوتەم: ناهاوسەنگی بازاڕ و لەبارچوونی سەقامگیری بازرگانی, دووركەوتنەوەی سەرمایەدارانی كورد لە باشووری كوردستان، بەهۆی شەڕ و ململانێی سیاسی بۆ كورسی فەرمانڕەوایی لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەی میرنشینەكان. كە ئەمە كاریگەرییەكی بەرچاوی دروستكرد لە بووژاندنەوەی ئابووری و سەرپێخستنی كارگەی بچوك بۆ گەورە، كە ڕۆڵێكی نێگەتیڤ كاریگەری دروستدەكرد بۆ بیركردنەوەی نەتەوەیی و گواستنەوەی كۆمەڵی كوردەواری لە خێڵەوە بۆ شار و ناوبازاڕی كار و بەرهەمهێنانی خۆماڵی، كە دەبوو بەسەرەتای چەكەرەكردنی بیری نەتەوەیی و بەهێزكردنی پایە بنەڕەتییەكانی ئابووری باشووری كوردستان.

هەشتەم: بارودۆخی كۆمەڵی كوردەواری لە ئاستێكی زۆر دواكەوتووی خێڵگەراییدابوو، میرنشینەكان لەبەر باڵادەستكردنی ستراتیجیەتی ئەمنی و پاراستنی كورسی فەرمانڕەوا، خەمی پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی كە بەشێكی لەڕێگای خوێندەواركردن و رۆشنبیركردنەوە سەرهەڵدەدات نائامادەییەكی تەواوی هەبوو، ئەم بارودۆخە بوو بە بنەمای زیاتر دواكەوتنی كۆمەڵی كوردی, لە ئەنجامدا رێژەی هەژاری و كۆچكردنی بەردەوامی كورد بۆ ناوچەكانی دەرەوەی فەرمانرەوایی میرەكانی كورد، زیانێكی گەورەی مرۆیی بەر باشووری كوردستان كەوت، كە لە كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم كۆی دانیشتوانەكەی لە چارەكە ملیۆنێک ڕەتی نەئەكرد.

نۆیەم: ململانێی فەرمانڕەوایی هۆكارێكی سەرەكی بوو لە پەراوێزكردنی ڕۆڵی منەوەرانی كورد، لەوانە: مەولانا خالیدی نەقشەبەندی، كە وەک ریفۆرمخوازێكی كۆمەڵایەتی-ئاینی دەركەوتبوو، بەهۆی كێشەی فەرمانڕەوایی و لێدان لە پایەكانی فەرمانڕەوایی, لە گوێڕایەڵبوونی خەڵک بۆ بیرەكانی، سەر ئەنجام لە ژێر فشاری ناڕاستەوخۆی میرەكانی بابان باشووری كوردستانی بەیەكجاری بەجێهێشت، ئەمە خاڵێكی گرینگە لە مێژووی ڕووناكبیری كوردی كە فەرمانڕەواییان ناكۆكی قووڵییان لەگەڵ ڕووناكبیران هەیە، بەردەوام جیابوونەوەیەک هەبووە لە نێوان ڕووناكبیران و فەرمانڕەوایانی ئەوكاتی میرنشینەكانی باشووری كوردستان. پەراوێزخستنی پرۆژەی ڕووناكبیری كوردی, سەرەتای لەبیركردنی نەتەوە و بیری نەتەوەیی و دروستكردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بووە لە نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەهەم دا.


**لیستی سەرچاوەكان**

**یەكەم: بەڵگەنامەی بڵاونەكراوە (عوسمانی):**
بەڵگەنامەی پارێزراو لە یەكەی ئەرشیف، لە بنكەی ژین بۆ بووژاندنەوەی كەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی كوردی، سلێمانی 2012، لە ژێر ناونیشانە رەسەنەكەیاندا، كە ئەمانەن:
1-Basbakanlik Osmanli Arisivi: HAT: 0397/20899-D
2-Basbakanlik Osmanli Arisivi: HAT: 0797/36984:

**دووەم: بەڵگەنامەی بڵاوكراوە(بە زمانی كوردی):**
١-محەمەد حەمە باقی(٢٠٠٣): میرنشینی ئەردەلان-بابان-سۆران لە بەڵگەنامەكانی قاجاری دا، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر.

**سێیەم: بەڵگەنامەی بڵاوكراوە (بەزمانی توركی):**
1-Kerem Soylu(2010): Mesail-I Muhimme-I Kurdistan(Kurdistanin Onemili Meseleleri Birinci Basim. Osmanlica ve Turkce)Enstituya Kurdi Ya Amede, Edubba, Diyarbakir,

**چوارەم: بەڵگەنامەی بڵاوكراوە(بەزمانی ئینگلیزی):**

(1) A.B. Cunningham(1966): The Early Correspondence of Richard Wood 1831-1841,The Royal Historical Society, London, vol3.

**پێنجەم: سەرچاوە بەزمانی كوردی:**
١-د.جەلیلی جەلیل(١٩٨٧). كوردەكانی ئیمپراتوریەتی عوسمانی، و: د. كاوس قەفتان، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغداد.

2-د.رفيق سابير(2008). كولتوور و ناسيۆناليزم، له بڵاوكراوەكانى مەڵبەندى كوردۆلۆجى، سلێمانى.
3-د.سەعدى عوسمان هەروتى(2013). چەند لايەنێكى مێژووى ڕاميارى و كۆمەڵايەتى و ئابوورىى كوردستان لەسەردەمى عوسمانييدا، بڵاوكراوەى ئەكاديمياى كوردى، هەولێر.
٤-ساڵح هەركى(ئامادەكردن و وەرگێران)( 2008). بەشێك لە پەيمانەكانى دژى كورد، دەزگاى وەرگێران، هەولێر.
5-سينان هاكان(2012). كورد و بەرخودانەكانى لە بەڵگەنامەكانى ئەرشيفى عوسمانيدا 1817-1867، و: بەكر شوانى، له بڵاوكراوەكانى ئەكاديمياى كوردى، هەولێر.
٦-عەتا قەرەداخى(٢٠٠٤). چەمكى دەوڵەت و بزوێنەرى مێژوو لە كۆمەڵگاى كورديدا، دەزگاى چاپ و بڵاوكردنەوەى ئاراس، هەولێر.
٧-محەمەد حەمە باقى(٢٠١٣). ئەدەب و مێژوو، خانەى موكريانى بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، هەولێر.
٨-مەسعود محەمەد(٢٠١٤). هاوسەنگكردنەوەى تەرازوويەكى سەنگەڵا، و: حەكيم كاكەوەيس، لە بڵاوكراوەكانى ڕێكخراوى زمانناسى.
9-ميـران، سـەردار حەميـد و شـارەزا، كەريـم مسـتەفا(٢٠٠٧): ديـوانى حـاجى قـادر كـۆيى، پێـداچوونەوە: مەسعوود محەمەد، شارە كتێبى ميديا، سنە.

**شەشەم: سەرچاوە بە زمانى عەرەبى:**

١-د.خليل اينالجك(2002). تاريخ الدولة العثمانية من النشوء إلى الإنحدار، ت: د.محمد.م.الأرناؤوط، دار المدار الإسلامي، بيروت.
٢-د.سعد بشير اسكندر(2008). قيام النظام الإماراتي في كردستان وسقوطه، تقديم:م.جعفر، السليمانية، منشورات مؤسسة زين لإحياء التراث الوثائقي والصحفي الكردي.
3-د.عبدالعزيز سليمان نوار(1968). تاريخ العراق الحديث، دار الكتاب العربي اللطباعة و النشر، القاهرة.
4-د.هۆگر طاهر توفيق(2012) الكُرد والمسألة الأرمنية 1887-1920، دار اراس للطباعه و النشر، أربيل.

5- الأب بطرس حداد ( ترجمة و تعليق) (2011). رحلة دوبريه إلى العراق 1807-1809م، الشركة بيت الوراق للنشر المحدودة، بغداد.

6-سليمان أبو عزالدين(2009). إبراهيم باشا في سوريا، تقديم و دراسة و مراجعة و تعليق: لطيفة محمد سالم، دار الشروق، القاهرة.
7-مؤلف مجهول(2010). روضة الأخبار في ذكر أفراد الأخبار، تحقيق: د.عماد عبدالسلام رؤوف، مؤسسة ذين لإحياء التراث الوثائقي و الصحفي الكردي، السليمانية،.

**حەوتەم: نامە زانكۆييەكان(بڵاونەكراوەكان):**

١-محمد احمد ابراهيم (2013). تطور النظام العثماني في كردستان العراق 1832-1916، رسالة ماجستير غير المنشورة، باشراف أ.د.حسان حلاق و أ.د.فلاح خالد علي، جامعة بيروت العربية-كلية الآداب- قسم التاريخ، بيروت.

**هەشتەم:توێژینەوە:**

1-د.خليل علي مراد(2013). المفهوم الإداري والجغرافي لمصطلح(كُردستان) في مصادر العهد العثماني، مجلة (ژين) مؤسسة ژين لإحياء التراث الوثائقى و الصحفي الكردي، العدد(5)، لسنة(الخامسة)، كانون الأول.